# کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری بێسەرو شوێن بووان

icmp

## بڵاوکراوەی زانیاری یەکانی کۆمیسیۆن



**ڕکابەری یەکان ( تەحەددیی یەکان )**

لەو کۆمەڵگایانەی لە بارو دۆخی گۆڕانکاری سیستەمی سیاسی دان،یان دوای بنیات نانەوە و ئاشتبوونەوەی دوای جەنگەکان،دڵنیا نین لەبارەی کەیسی بێسەرو شوێنکراوەکان یا وون بووەکان،کە زۆر جار ئەوە دەبێتە ڕێگرێك بۆ بەردەوام بوونی ئاشتەوایی،بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ئەو حالەتە بڕوا بوون بە ڕێکخراوە سیاسی یەکان و دەزگا دیموکراسی یەکان کەمتر دەکاتەوە،بۆیە چارەسەر و دۆزینەوەی بێسەر و شوێنکراوان خەمێکی سیاسی زۆر گرنگە و بەشێکی دانەبڕاوی بەرەو پێش بردنەوەی کاریگەر و بەرپرسیارانەی دامودەزگاکانە بۆ ناوچەکە و بڕوا بوونە بەیەکتری بە داد و داد پەروەری یە.

**کار و چالاکی ( نووچەی فرمانەکان )**

کۆمیسیۆن هەوڵ دەدات بۆ هاوکاریکردنی حکوومەت و دەسەڵاتی پەیوەندی دار بۆ دۆزینەوە و دەستنیشان کردنی ئەو کەسانەی کە لە سەرەنجامی شەڕی چەکداری و ناوخۆیی و دژایەتی و پێشێل کردنەکانی تری مافی مرۆڤ وون و بێسەر و شوێن بوونە. (ICMP) هەروەها یارمەتی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان دەدا لەو بوارە بۆ بەرەو پێش بردنی هەنگاوەکانیان،وە هانی هاوڵاتیان دەدات بۆ بەشداری کردن لەو پرۆسەیەو لە بەرەو پێش بردنی چالاکی یەکان بۆ دانانی دەربڕینی گونجاو لەکاتی یاد کردنەوەیان و ستایش کردنیان بە جۆری پێویست.




**لە سەرانسەری جیهان**

(ICMP) ئێستا ناوەندی سەرەکی لە سەرایڤۆی پایتەختی بۆسنیا-هەرزەگۆڤینیایە( هرسك )،هەروەها بوونیان هەیە لە ڕۆژئاوای بەڵقان،ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،ئەمەریکای لاتین و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.جگە لەو هاریکاریانەی (ICMP) بۆ حکوومەتەکان دابینی دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی لەئە نجامی پێشێل کاری یەکانی مافی مرۆڤ بێسەر و شوێن بوونە، (ICMP) هەروەها لە وەڵام دانەوە و بەهانا هاتن لە دۆسی یەکانی کارەساتە سروشتی یەکانیش یارمەتی پێشکەش دەکات.لەم دوایی یە لە فلیپین دوای با و باهۆزی فرانك،لەناوچەکانی باشوری ئاسیا کە کەوتبوونە بەر زیانەکانی تسۆنامی، لە لویزیانای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە با و باهۆزی کاترینا بوو کۆمیسیۆن ڕۆڵی خۆی دی.



**یارمەتی تەکنیکی**

(ICMP) یارمەتی تەکنیکی حکوومەتەکان دەدات لە دیارکردنی شوێنی وون بووەکان و ناسینەوەیان،بە لەخۆگرتنی توانایەکی بەرز لە شیکردنەوەی دی ئێن ئەی و پاڵپشتی یاسایی لە شوێنەکانی کارکردنی مەیدانی لە میانەی کاری شوێنەوارناسی و مرۆڤناسی( ئەرکیۆلۆجی و ئەنسرۆپۆلۆجی ). یارمەتی یە تەکنیکی یەکانی (ICMP) لەسەر بنەمای ئەو ڕێك کەوتنانە دەبێت کە بەستراوە لە نێوان حکوومەتی میواندار و کۆمیسیۆن یان کۆمیسیۆن و ڕێکخراوەکانی پاڵپشتی لێدەکەن.سەرکەوتنی (ICMP) لە بەدیهێنانی بۆچوونی زانستییانەی هەمەلایەنە و یاسایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێسەر و شوێنان ،کردوویەتی بە پێشەنگ لە بوارەکەیدا لە پێناو دابین کردنی ڕاستی یە یاسایی یەکان.(ICMP) هەر لە نۆڤێمبەری ( تشرینی دووەمی ) ساڵی 2001 وە 16500 دی ئێن ئەی شیکردۆتەوە بەمەبەستی ناسینەوەی بێسەر و شوێنان.

**بنیات نانی توانا**

(ICMP) یارمەتی حکوومەتەکان دەدات بۆ بەئە نجام گەیاندنی ئەرکە یاساییەکانیان لە بارەی وونبووانەوە و بەشداریی لە دروست کردنی بنکە ڕێکخراوەیی یەکان دەکات. (ICMP) هەروەها بەشداریی لە دادگای ئینتیقالی دەکات،دابین کردنی یارمەتی یاسایی و پەرەپێدانی توانای ئەو ئە نجوومەنانەی بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دروست کراون و دام و دەزگاکانی بەشی دادگایی وەك دادوەرە گشتی یەکان ،دادوەرەکان ، پۆلیس و ئەو کەسانەی تایبەتن بەکاری دادگایی یەوە کە بە پسپۆری یاسایی تاوانی ناسراون . (ICMP) هەروەها یارمەتی لە بەرەو پێش بردنی تۆڕەکانی ڕێکخراوە سڤیلیە کۆمەڵایەتی یەکان دەدات کە پارێزەری لە ڕاستی و ڕەوایی و مافەکانی ئەندامانی خانەوادەی وونبووان دەکەن.



**یارمەتی دادگاکان**

(ICMP) وەڵامی ئەو داواکاری یانە دەداتەوە کە بۆ بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکانی شارەزایان و پسپۆران لەلایەن دادگا نێودەوڵەتی و خۆجێی یەکانەوە لەبارەی ئەو کێشانەی بەتاوانەکانی شەڕ و دژە مرۆڤایەتی یەکان و جینۆساید و تاوانەکانی ترەوە پەیوەستن، پێشکەش دەکرێن،ئەمەش بە پێی یاسا نێودەوڵەتی یەکان،لەگەڵ پاراستنی زانیاری یەکان و پاراستنەکانی تر بە پێی ڕێبازەکانی (ICMP).

**مێژوو**

(ICMP) بە دەست پێشخەری یەکی سەرۆکی پێشووتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کلینتۆن لە ساڵی 1996 دوای کۆبوونەوەی جی-7 لە لیۆنی فەرەنسا دامەزرا. (ICMP) لەسەرەتا لە لایەن وەزیری پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سایریس ڤانسەوە سەرۆکایەتی دەکرا کە پاشان سیناتۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باب دۆڵ جێگای گرتەوە.سەرۆکی ئێستای (ICMP) جەیمس ڤی کێمسی یە.



**کۆمیسیۆنەرەکان**

جەیمس ڤی. کیمسی ،سەرۆکی بنکەی کیمسی

ویلیام کۆك ،سەرۆك وەزیرانی پێشووی هۆڵەندا

خاوەن شکۆ شاژنە نوور

بەڕێز هۆن میکایل پۆرتێللۆ ،وەزیری بەرگری پێشووی بەریتانیا

باڵیۆز ڕۆلف ئیکیۆس کۆمیسیۆنەری پێشووی باڵای OSCE بۆ کارو باری کەمە نەتەوەکان

کارۆلینا بارکۆ باڵیۆزی باڵیۆزخانەی کۆلۆمبیا لە ئەمەریکا

**پاڵپشتی دارایی**

(ICMP) پارە و پاڵپشتی دارایی دەدرێتێ لە ڕێگای بەخشینی خۆویست (تبروع)،هەروەها پاڵپشتی دارایی لە ڕێگەی حکوومەتە بەشدار بووەکان لێدەکرێ وەك کەنەدا ،دانیمارك ،فنلەندا،فەرەنسا،ئەڵمانیا ،یۆنان ،ڤاتیکان ،ئایسلەندا ،ئێرلەندا ،ئیتاڵیا ،هۆڵەندا ،نەرویژ ،سوید ،کۆماری چیك ، پۆلەندا ،سویسرا ،تورکیا،بەریتانیا ،ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا. پرۆژەیەکی یارمەتیدانی تایبەتیش لەلایەن بنکەی بەخشین چاڕلس ستیوارت دابین کراوە وە بنکەی پرۆگرامەکان و سیستەمەکانی لەلایەن مایکرۆسۆفت پاڵپشتی کراوە.

ICMP
Alipašina 45a
71000 Sarajevo
Bosnia and Herzegovina
Phone:
+387 (0) 33 21 86 60
Fax:
+387 (0) 33 203 297
E-mail: icmp@ic-mp.org
Web: www.ic-mp.org